


# دەرچووی زانکۆیەو خزمەتکاری پێدەکەن

باوکی هەرمان          بەشی دووەم و کۆتایی

کاتێ زانیم دەرچووی زانکۆیە، ئیدی هەستم بە خەمێکی قوڵ کرد، زۆرم لا ناخۆشبوو کە دەرچووی زانکۆ بهێنن و خزمەتکاری پێبکەن، بەڵام هاوسەرەکەم زۆر کەیفی پێهات. من دەمزانی بۆ ئەوەیەتی کە لەلای دەستە خوشکەکانی دا خۆی هەڵبکێشێ و بڵێ خزمەتکارەکەی ئێمە دەرچووی زانکۆیە. ئەمەشی بە گرنگ دادەنا.

کچەکانم لەگەڵ مندا هاوڕا بوون، ئەوان حەزیان نەدەکرد کەسێکی لەو بابەتە بە ناچارییەوە پەنا بۆ خزمەتکاری بکات. کچەگەورەکەم هەستی بە نیگەرانی و دڵتەنگی دەکرد. حەزی بەو باسە نەدەکرد، جارێکیان پرسی: باوە ئەگەر من زانکۆ تەواو بکەم و برسێتی ناچارم بکات، ئایا داوام لێدەکەی خزمەتکاری بکەم ؟! پرسیارەکەی کچەکەم پەرێشانی کردم. ڕاستی دەکرد، ئەگەر ئێمە دووچاری برسێتی ببینەوە، ڕێگەی کچەکەمان دەدەین کە لە ماڵی کەسێکی بێگانەدا خزمەتکاری بکات؟!

ماوەیەک بوو پەیوەندی بە ماڵەوەیان نەکردبوو، هاوسەرەکەم ڕێگەی نەدەدا دەست بۆ تەلەفۆن ببات، کچە گەورەکەشم حەزی نەدەکرد کەس پەنجە لە مۆبایلەکەی بدات. هەستم دەکرد بەرەو نیگەرانی خەمباری شۆڕ دەبێتەوە، بانگم کرد و تەلەفۆنەکەی خۆم لە دەست ناو داوام لێکرد قسە لەگەل ماڵەوەیان بکات. بەو هۆیەوە هاوسەرەکەم ڕقی لێهەڵگرت، گومانی بۆ شوێنی خراپ ڕۆیشت. ئیتر لەو ڕۆژەوە بە دەگمەن دەهاتە ئەو شوێنەی کەمنی لێبام. سەرەتا نەمزانی هاوسەرەکەم فەرمانی پێکردووە، وامزانی لەبەر ئیش و کار ناپڕژێ و دەرفەتی ئەوەی نابێ بێ و لەگەڵماندا دابنیشێ. ڕۆژێکیان کاتێ قاوەی بۆ هێنام، پێمگوت:" هەر کاتێ ویستت قسە لەگەڵ ماڵەوەتان بکەی، من تەلەفۆنەکەی خۆمت پێدەدەم" ئەو بەسەر سوپاسی کردم و دەستی لەسەر سنگی داناو پاشاو پاش گەڕایەوە. هەستم کرد فرمێسک لە چاوەکانی قەتیس ماوە. بۆیە جارێکی دیکە بانگم کردوەو دووپاتم کردوە. ئەو ورتەی لێوە نەهات و لە هۆڕژنی گریانی دا. من وامزانی کە غەریبی کەسوکاری دەکات. تەلەفۆنەکەم هەڵگرت و دامە دەستی، بەڵام ئەو نەیوێرا وەری بگرێ، لەوکاتەدا هاوسەرەکەم هاتە ژووری، کاتی هاوسەرەکەمی بینی، لەجێگەی خۆیەوە هەڵلەرزی و تەلەفۆنەکەی لە دەستی بەربۆوە، بە هەنسکەوە بە منی گوت: " بابە سوپاست دەکەم، بەڵام تەلەفۆنی تۆم ناوێ" هێشتا ئەو لە دەرگە ئاودیو نەببوو، هاوسەرەکەم پێیگوتم: " حەز ناکەم هێندە ڕوو بەو خزمەتکارە بدەی، دوایی لە پێی خۆی دەردەچێ، ئەوەندەت ڕوو پێداوە خەریکە گوێ لە قسەکانی ئێمە ناگرێ، دوایی بۆ تۆ جوان نیە لێت نزیک بێتەوە!"



هاوسەرەکەم بە شەرمەوە درکاندی: " دەترسم لە ئاخیری ببێتە هەوێم!!، بیستوومە ، دەڵێن پیاوەکان ئەوانەیان بۆ خۆیان هێناوە نەک بۆ خزمەتکاری!

هەرچەندە دڵم بە قسەکەی گوشرا، بەڵام نەمویست کێشە لەنێوانماندا دروست ببێ، چونکە دەمزانی بە سەعاتێک هەموو دەستە خوشکەکانی تێدەگەیەنێ. دەڵێن ژن ڕازهەڵگرێکی بێوێنەیە، هەندێ لە ڕازەکانی دەباتە گۆڕ و نایاندرکێنێ، بەڵام هاوسەرەکەم هیچ قسەیەکی بۆ ناشاردرێتەوە، ئەوەی لە هزرو دەروونیدا هەن دەیانهێنێتە سەر زمان و هەڵیان دەڕێژێ. بۆیە دانم بە خۆمدا گرت و باگۆم نەدایەوە، کەچی ئەو وازی نەهێناو بە پێکەنەوە پرسی: "توخوا باوکی هەرمان! هەق دڵت لەبۆی نەچووە؟! هیچ جارێک ئەوت بە مێشک دانەهاتووە؟!" من تێمگەیاند کە وەک کچەکانی خۆم سەیری دەکەم، ئەو شەرەف و ناموسی خۆی بە ئێمە سپاردووە، ئێمەش نابێ ناپاکی لەگەڵدا بکەین!

هاوسەرەکەم ئەوەی لە دڵی خۆی گرتبوو، هەر من چووبوومە دەرێ سوکایەتی پێکردبوو، سوێندی لێخواردبوو ئەگەر جارێکی دیکە قسە لەگەڵ مندا بکات، دەری دەکات. ئەو بۆ خزمەتکاری نەهاتبوو، بەڵام بە ناچارییەوە خۆی لەگەڵ کارەکەی ڕاهێنابوو. ڕەفتاری من و کچەکانی زۆر بە دڵبوو، بەڵام لەدەست هاوسەرەکەم وەزاڵە هاتبوو. ئێوارەکەی درەنگ هاتمەوە ماڵ، لەخۆڕاوە پێشبینی ئەوەم کردبوو کە هۆشیاری پێدرابێ، بۆیە بە ئەنقەست بانگم کردو داوام لێکرد کە هەندێ ئاوم بێ بێنی. هاوسەرەکەم لە جێگەی خۆی ڕاست بۆوەو یەک پێ بەرەو لای سارنجۆک ڕۆیشت، پەرداخێک ئاوی بۆ هێنام و پێیگوتم:" تا من لەم ماڵەم نابێ بەکەس بڵێی، هەرچی دەتەوێ بە خۆم بڵێ، ئاخر دەترسم خەڵکی ناوونـاتۆرەت بۆ بدۆزنەوە، ئەگەر میوانێک بتبینێ کە ئاوا لەگەڵی دەدوێی پاشملە سەت قسەت بۆ هەڵدەبەستێ!"

من دیسانەوە دووپاتم کردەوە کە لەگەڵ کچەکانی خۆم جیاوازی پێناکەم، بەڵام ڕۆژی دوایی کە هاتمەوە ئەو دیار نەبوو، ژنێکی کورتە باڵای خرپن لە جێگەی ئەودا کاری دەکرد. هێشتا سەبارەت بەو پرسیارێکم نەکردبوو، هاوسەرەکەم بە پێکەنینەوە گوتی: " ئەوم لە کوڵ خۆم کردوە، ئەگەر ئەمەش لێت نزیک بێتەوە دەری دەکەم"

کاتێ زانیم دەری کردووەو یەکێکی دیکەی هێناوە، زۆر تووڕە بووم، چەند قسەیەکی ناشرین لە زارم دەرچوون. سویندم لێخوارد کە دەبێ بچێ ئەو بهێنێتەوە. من دەمزانی ئەو لەگەڵ ئێمە ڕاهاتبوو، ئولفەتی بە ماڵی ئێمە گرتبوو، ژیان لە ماڵێکی دیکە بۆ ئەو زۆر زەحمەت بوو. هاوسەرەکەشم کاتێ زانی من گاڵتە ناکەم ، داوای بووردنی کردو بەڵێنی دا کە بەیانی بچێ بیهێنێتەوە. ڕۆژی دوایی بە سەفەرێکی چەند ڕۆژە لە شار دوور کەوتمەوە، کاتێ هاتمەوە سەیرم کرد دیسانەوە دیار نیە، هەمیسان پرسیارم کردم، هاوسەرەکەم وەڵامی دامەوەو گوتی:" من بۆ خۆم چوومە دوای و سۆراخیم کردووە، دەڵێن چۆتە ماڵێکی دیکە، زۆریش ڕازییە. من باوەڕم بە قسەکانی نەهات، تەلەفۆنم بۆ کۆمپانیا کرد، ئەوانیش هەمان قسەیان دووپات کردوە، من داوام لێکردن کە پەیدای بکەنەوە، چونکە لەگەڵ ئێمە ڕاهاتووە، ئێمەش هەموومان بە دڵمانە.

چەند ڕۆژێک بوو بەردەوام هەواڵیم دەپرسی و ناکام دەمایەوە. ماوەی دوو مانگ بەو شێوەیە گوزەرا، ئەوەی لە جێگەی ئەو هاتبوو، زۆر چوست و چالاک بوو، پاک و خاوێن بوو، یەک خولەک چیە دانەدەنیشت، بەردەوام دەجولایەوەو کاری دەکرد. وەک دەڵێن خووی بە کارکردنەوە گرتبوو، هەندێجار ئەگەر دەستی بەتاڵ بووایە لە جیاتی بچێتە ژوورەکەی و بخەوێ، دەچوو سەیارەکانی دەشووشت. وێڕای هەموو ئەوانەشەوە هێشتا لە سۆراخکردنی نا ئومێد نەبووم.

ڕۆژێکیان لە کۆمپانیاوە تەلەفۆنیان بۆ کردم و پێیانڕاگەیاندم کە نامەیەکم بۆ هاتووە، بەڵکو یەکێک ڕەوانە بکەم تا نامەکە بهێنێ. یەکی لە پاسەوانەکانم ڕەوانە کرد. کاتێ نامەکەم خوێندەوە ڕاچڵەکیم. ئەو لە نامەکەیدا بە بابە ناوی هێنابووم و نووسی بووی:{ بابە گیان ئێستا من گەراومەتەوەو بەکەس و کاری خۆم شاد بوومەتەوە، بەڵام باوەڕت هەبێ کە ئێستا غەریبی ئێوە دەکەم، جاران کەسوکارەکانی ئێرەم لێ دوور بوو، ئێستا کەسوکارەکانی ئەوێم لێدوورە. من بۆ خزمەتکاری نە هاتبووم، کاتێک منیان بۆ کۆمپانیا گەڕاندەوە، منیان ڕەوانەی ماڵێکی دیکە کرد، من نەمدەویست درێژە بە خزمەتکاری بدەم، پێداگریم کرد و ناچارم کردن کە بۆ وڵاتی خۆم بمگەڕێننەوە. من تا ماوم ئێوە لە بیر ناکەم، بەڵام هەرگیز ئەو ستەمەشم لە بیر ناچێتەوە کە بەرانبەر بەمن ئەنجام درا. من بە ناوی ژمێریارو شارەزای کۆمپیتەر هاتبووم، نەمزانی دەمکەن بە خزمەتکار، ژیانی خزمەتکاری زۆر سەخت و دژوارە،بەڵام لەگەڵ ئێوە ڕاهاتبوومو، چونکە تۆو کچەکان زۆر لەگەڵم باش بوون، بەڵام کاتێ ڕەوانەی ماڵی دووەم کرام هەرەسم هێنا، نەمتوانی درێژە بەخزمەتکاری بدەم، سەیرم کرد زۆر بە سووکی سەیری خزمەتکار دەکرێ، ئێستا بڕیارمداوە ئەگەر لە برسانیش بمرم جارێکی دیکە پەنا بۆ خزمەتکاری نابەم. تکایە بمبوورە کە ئەم قسانە دەنووسم}

نامەکەی کاری لێکردم، داوام لە هاوسەرەکەم کرد کە ئیتر بیر لە خزمەتکار نەکەینەوە، چونکە خوا هەموو مرۆڤەکانی وەکو یەک دروست کردوون، هەق نیە پارەداران چاویان لەوەبێ کە یەکێک خزمەتیان بکات، مەگەر بۆ خۆمان لە چیمان کەمە.

ئەو کچەی ماوەیەک ماڵی ئێمەی گەرم داهێنابوو، دەرسێکی گەورەی فێرکردین، خوا تەمەنی درێژبکات.

# بۆ ئەوەی منداڵەکانتان تەندروست بن، شیری دایکیان پێ بدەن!

ئامادەکردنی: پەروین فەیزوڵڵا

ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە پێوەند بە مەترسیەکانی کەمبوونەوەی خۆراکی منداڵان و بێبەری کردنیان لە شیری دایکانی بەشێک لە وڵاتانی جیهاندا هۆشیاری و خواستی ئەو گرفتە چارەسەر بکرێ.

ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی و سەندوقی منداڵانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان " یونیسێف" لە هەواڵێکی هاوبەش دا سەبارەت بە کەمبونەوەی خۆراکی منداڵ لەگەڵ شیری دایکیان جیهانی ئاگادارکردۆتەوە. لە هەواڵەکەدا هاتووە کەمکردنەوەی خۆراکی شیری دایکان و جێگرتنەوەی بە بابەتی دیکە مەرگی ساوایانی لێدەکەوێتەوە.

هەواڵەکە دوای کۆبوونەوەی هاوبەش بڵاوکرایەوە کە لە مانێلی پێتەختی فیلیپین دا بەڕێوەچووبوو، ئامادەبووان دووپاتیان کردوە کە خۆراکی شیری دایک هۆکاری سەرەکی تەندروستی منداڵ پێکدەهێنێ، نابێ لەخۆڕاوە دوورەپەرێزی لێبکرێ بە شتی دیکە بگۆڕدرێتەوە. لەو بارەیەوە دایکان و باوکان ئاگادارکراونەتەوە کە چاوێک بەو زیانانە بخشێننەوە کە لە شیری وشک یان جێگرەوەکانی دیکەی شیری دایک دروست دەبن.

لە هەواڵی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکاندا هاتبوو کە ئاکامی ئەو تاقیکردنەوەیەی لە وڵاتی کەمبۆدیا وەدەست هاتووە، دەرکەوتووە کە بەکارنەهێنانی شیری دایک هۆکاری سەرەکی مردنی منداڵان بووە. لەلایەکی دیکەشەوە دەرکەوتووە کە جێگرەوەکانی شیری دایک ڕێژەی بەرگریکردن لە نەخۆشی لە جەستەی منداڵەکە کەم دەکاتەوە، بەوهۆیەشەوە کارەساتی ڕاستین ڕوو بەڕووی ئەو مرۆڤە بچووکانە دەبێتەوە کە تازە دێنە دنیاوەو دەیانەوی داهاتوو مسۆگەر بکەن، بەڵام بەهۆی بێبەش کردنیان لە شیری دایک کە لە سەرەتای ژیانەوە دووچاری نەخۆشی جۆراوجۆر دەکرێنەوە، بەوهۆیەشەوە مەرگ مێوانیان دەبێ و تەمەنیان کەم دەکاتەوە.

بەگوێرەی ئەو بەرنامە هاندراوەی کە لە کەمبۆدیا بەڕێوەچوو، پێشانی داوە کە ساڵی ٢٠٠٠ ڕێژەی ئەو منداڵانەی بە شیری دایک تا تەمەنی شەش مانگە گەورە دەکران تەنیا ١٠% بوو کەچی لە ساڵی ٢٠٠٦ ڕێژەکە بۆ ٦٠% بەرزکرایەوە. هەر بەگوێرەی هەواڵەکە مردنی منداڵ لە کەمبۆدیا لە ساڵی ٢٠٠٠ەوە بۆ ساڵی ٢٠٠٦ بە ڕێژەی ٣٥% کەم بۆتەوە، ئەمەش یەکسانە بە بەرزبوونەوەی بەکارهێنانی شیری دایک.

دکتۆر **چسا لۆتەر** شارەزای ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی دەڵێ: هاندانی دایکان بۆ پێدانی شیری خۆیان بە منداڵەکانیان پێوەندی بە سەرمایە نیە، بەڵکو زیاتر هۆشیاری و پەرۆشی دەوێ و ئاکامی باشیشی بۆ کەمکردنەوەی مردنی منداڵان وەدەست دێنێ.

بەگوێرەی قسەی ئەو شارەزایە لە هەندێ شوێنی جیهان ئاوی پاکی خواردنەوە نییە و شیری وشک بە ئاوی ئاڵودەو نەکوڵاو دەگیرێتەوە، ئەمەش کاریگەری نەرێنی لە سەر تەندروستی منداڵ دادەنێ. تەنانەت لە ئاماری وڵاتانی پێشکەوتووشدا دەرکەوتووە کە ئەو منداڵانەی بە شیری وشک پەروەردە دەکرێن ئامادەیی زۆرتریان بۆ تووشبوون بە نەخۆشی جۆراوجۆر لە چاو ئەو منداڵانەی کە بەشیری دایکیان گەورە دەکرێن، هەیە.

بۆ ئەوەی ڕەواج بە پێدانی شیری دایک بدرێ، باشتر وایە کە ڕیکلامی جوان و سەرنجڕاکێشی بۆ بکرێ. چاودیران دەڵێن کاتێک دایکانی کەمبۆدیا ئەو ڕیکلامەیان دەبینی کە هانی دایکان دەدات تا شیری خۆیان بە منداڵەکان بدەن، ئەوانیش دڵگەرم دەبوون و بە خۆشیەوە پێشوازیان لێدەکرد و هەوڵیان دەدا منداڵەکانیان بە شیری خۆیان گەورە بکەن، چونکە زۆربەی ڕیکلامەکان جەختیان لەسەر ئەوە دەکردەوە کە پێدانی شیری دایک هەم تەندروستی منداڵەکە دەپارێزی و بەهێزی دەکات، هەمیش سۆزو خۆشەویستی لە نێوان دایکان و منداڵەکانیان بەهێزتر دەکات، ئەمەش هاندەرێکی باش بوو کە پێڕەوی لێبکرێ.




لێرەدا ئەرکێکی گرنگ دەکەوێتە سەر شانی حکومەتەکان و ناوەندەکانی ڕاگەیاندن تا هێز و توانای خۆیان لەو بوارەدا بەکاربهێنن. ئەگەر حکومەت و وەزارەتی تەندروستی و فەرمانگەکانی ڕاستویژانە پێڕەوی لە بەرنامەی ڕەواج پێدان و هاندان بکەن و داوا لە دایکان بکەن کە تا بۆیان دەکرێ شیری خۆیان بە منداڵەکانیان بدەن، لەوانەیە دایکانیش باشتر بە پیر بانگەوازەکانیانەوە بێن. هەروەها ئەگەر دەزگاکانی ڕاگەیاندنی بستراو، بینراو، نووسراو گۆشەیەک بۆ ڕیکلامکردنی بەکارهێنان و سوودەکانی شیری دایک تەرخان بکەن، گومان لەوە دانیە کە دایکان بە گەرمیەوە پێشوازی لێدەکەن.

لێردە مافی خۆمانە بپرسین: ئایا حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە تاییەتیش وەزارەتی تەندروستی و دەزگاکانی ڕاگەیاندن تا چەند ئەو ئەرکەیان بە ئەنجام گەیاندووە؟! ئایا هەڵمەتی برەو پێدانی شیری دایکیان بەڕێوە بردووە؟! ئایا لە بەرنامەی داهاتوویاندا هەیە کە هەڵمەتێکی گشتگیر بەڕێوەببەن ودایکان دڵگەرم بکەن تا شیری خۆیان بە منداڵەکانیان بدەن و باشتر گەورەیان بکەن ؟!